| | | |
|---|---|---|
| پەیوەندی | پەرتووکخانە | ئێمە |
| لینک | ئەرشیف | نووسەران |
| | دەسپێک | |

## یەهودی ئایین یا نەتەوە.



**فەهد گردەوانی**

یەهودی یەکان ئایینی جوولەکەیان کردۆتە نەتەوە و لەدەورەی کۆبونەوەتەوە . نوێژکەری یەهودی [بە دیین] و نوێژنەکەری [بێ دیین] یەهودی لەپێناوی پاراستنی خاکی پیرۆزی یەهودی یان کە [ئیسرائیل]ە لەیەک بەرە دا تێدەکۆشن و یەهود وەکو نەتەوە بەیەکتریان گری دەدا . ئیسلام و مەسیحی جیاوازن . ئیسلامی سونە باوەڕی بە ئیسلامی شیعە نی یە ئەگەرچی هەردوو لا خاوەنی یەک خوا و یەک پێغەمبەر و یەک کتابی ئاسمانی ین {[قورئان...هەندێک لە شیعە لەوباوەڕەن کە هەندێک لە سورەتی (ئایەتی) قورئان لەو قورئانەی عوسمان قرت کراوە) }. یەهودی بەدین و بێدین بۆ پارێزگاری کردنی نیشتمانەکەی هاوخەباتن . لە هەموو دنیا سەفەردەکەن و دەچنە وڵاتی ئیسرائیل . هەندێک وڵاتی خۆیان و شوێنی لەدایک بوونیان بەجێ دەهێڵن یان بەجێیان هێشتووە و چوون یان دەچن لە ئیسرائیل دەژین . هەندێک هاوڕەگەزیان بەجێ دەهێڵن و دەچنە ئیسرائیل دەژین . یەهودی یە ڕەشەکانی ئەفریقا کۆمەڵگای خۆیان بەجێ دەهێلن و دەچنە ناو [سپی] یان لە ئیسرائیل دەژین . ئەوەی من لێرە مەبەستمە بڵێم گەلۆ کوردی ناسریە و کوت و بەسرە و بەغدا و موسڵ لەپێناوی کوردستانی نیشتمان شوێنی خۆیان بەجێ دەهێلن و دێن لە هەولێر و کەرکوک و سلێمانی و دهۆک بژین . ئەی کوردەکانی تورکیا و ئێران و لوبنان و سوریا و ئوردون ، بەڕژەوەندی خۆیان دەخەنە ژێر قاچ و لە نیشتمانی کوردستان دەژین . جوولەکە[جووەکان] بۆ داگیرکردن و دەستبەسەرداگرتنی خاکی فەلەستینی یەکان و سیناى میسر و جۆلانی سوریا و خاکی ئوردن ، پێویستیان بە خەڵکی بوو تاوەکو وڵاتیان پڕ بکەنەوە ، خەڵکیان لە کۆمارەکانی سۆڤیەتی پێشوو ، لە ئوتریش ، لە پۆڵۆنیا ، لە چیکۆسلۆڤاکیا ، لە

ئەمریکا ، لە ئەڵمانیا ، لە حەبەشە[ئەسیوبیاوئەریتیریا] لە عێراق و لە یەمەن و لە ئێران و لە تورکیا و لە فەرەنسا و لە مەغریب و لیبیا و تونس و لە کوردستان و هەر شوێنەک یەهودی تێدا بێت هێنا و چوونەتە ئیسرائیل بۆ قەڵەباڵغکردنی نیشتمانەکەیان بارگەیان هەڵگرتووە و لەو دەوڵەتە دا دەژین . لە ئیسرائیلیش بەبێ گوێ دانە هاوولاتیان یان لێیان بپرسن لەکوێ لەدایک بوون یەکسەر وەرگیراون و کاریان وەرگرتووە . وەزیری بەرگری ئیسرائیل ئیسحاق مۆردیخای کوردی لای بادینان بووە . سەرۆکی ئیسرائیل ئێرانی بووە ، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیلی پۆڵۆنی بووە . ئەوەی تر رووسی و ئەوەی تر مەغریبی و ئەوەی تر چیکی ...هەتا دوایی [لە خوارەوە نموونەی ئەو ناوانەم باس کردووە] . گەلۆ لە نیشتمانی کوردان ئەو یەکسانی یە رەچاو دەکرێت یان دەبێت سەر بە عەشیرەت بیت . ئەو یەهودی یانە لە پێناوی پاراستنی خاکەکەیان دەبنە سەرباز و چەک هەڵدەگرن و مەشق دەکەن لە ئیسرائیلی دایکدا ، ئەی ئەوانەی کوردستان بۆ پاراستنی خاکی نیشتمان لەکوێ مەشق دەکەن . ئەو جولەکانە یەکتر قڕناکەن و یەکتر ناکوژن بۆ ئەوەی بەرامبەر دەوڵەتەکانی عارەبی خۆیان لاواز نیشان بدن ئەی کوردەکان لە پێناوی ڕاگرتنی دڵی دوژمنیان چەندی یان لەیەکتری قڕ کردووە و چەند ڕۆڵەیان بەبێ باوک و برا پەروەردە کردووە .چەندیان بەدیلی فرۆشتووە یا بە خۆڕایی داوە بە دوژمن . لە ئیسرائیل کێ گوێی لێبووە کە دیلەکی یەهودی بەدەستی هاودینەکەی بکوژرێت یا بە خۆڕایی بفرۆشێت بۆ ولاتانی دراوسێ .هەستی نەتەوەیی کە کورد بە نەتەوەباز نەتەوەخواز لەقەڵەم دەدات چەندە ، لە پێناوی دروست بوونی ولاتێکی سەربەخۆ بۆ نەتەوەی کورد . ئەی ئەوە هەموو دەم لێپرسراوی کورد نیە بوونی دەوڵەت بە ناماقوول و خەون دادەنێت . ئەو دەوڵەتە کوردی یە سنوورداربیت ڕێگا بە هاو زمانی تری دەدات لەگەڵی بژیت یا دەمی پڕ گوللـە دەکات . ئەزمونی یەهودی یەکان بۆ دروست بوونی دەوڵەتی یاسا و خۆشەویستی نیشتمانیان دەبێتە وانەی نیشتمانپەروەری و نەتەوەخوازی بۆ کوردەکان .

ستۆکهۆڵم
12/11/2008

**نموونەیەکی گچکە :**

سەلاحەدینی ئەیوبی لەشکرەکەی ئەگەر کوردی تێدابێت یا نا لە فەلەستین و میسر و ئوردنی دابەشکردن و هیچ بیریشی لەوە نەکردووە لەژێر سایەی ئایینی ئیسلامدا و لەژێر یاسای ئیسلامی دەوڵەتێک بۆ کوردەکانی هاو رەگەزی دابمەزرێنێت . قودسی بۆ ئەوانە رزگارکرد کە پاشان بە کیمیاوی هاوزمانیسەلاحەدینی

قڕکرد. سەدام حسینی وەل بوو جاشی کوردی دروست کرد و ناوی نا [فرسان صلاح الدین] . یەهودی یەکانیش لە سەرتاسەری دنیا بیریان لە ئیسرائیل کردەووە و بۆخۆیان دەوڵەتی سەربەخۆیان دروست کرد. لە جیهانیش شوێنی گرنگیان داگیرکردووە و دەسەڵاتیان لەزۆربەی وڵاتانی دنیا هەیە . لە دوایی سەلاحەدینی ئەیوبیش گەلێک ناوداری کورد پەیدابوون و هیچیان بۆ دامەزراندن و دروستبوونی دەوڵەتی کوردی نەکرد . هیچ لەو ناودارانە ئەو هەستە نەتەوەیی یا ئایینیان لەلا پەیدا نەبوو بۆ ئەوەی کوردەکان لە دەوڵەتێک یا ناوچەیەک یا بەشێک کۆبکاتەوە و جاری دەوڵەتی سەرتاسەری لێبدات . ئەو حیزبانەی خۆیان بە کوردستانیش ناونووس کرد هەر لەچوارچێوەی کوردستانە دابەشکراوەکەی مایەوە و هیچ ئەندامێکی دەفتەری سیاسی یا کۆمیتەی مەرکەزی بەشەکەی تری لەخۆی نەگرت و هیچ سەرۆکی حیزبێک نەبووە خەڵکی یا لەدایک بووی بەشەکەی تری کوردستان .هەتا مەلامستەفا سەرۆکایەتی چەکداری لە کوردستانی عیراق دەکرد هیچ کوردەکی کوردستانی تورکیا یا کوردستانی ئێران یا کوردستانی سوریا یا کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەتی کۆن نەبوونە سکرتێری حیزبەکەی مەلامستافای بارزانی . لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە مەهابادیش هیچ لەو کوردانەی بەشداری ئەو کۆمارەساوایانەیان کرد نەکرانە سکرتێری حیزبی دیموکرات . مەلامستەفا نەبووە وەزیری بەرگری ، بووە ژەنەڕاڵ لە کۆمار چونکە سەرۆک هۆز بوو . ئەفسەرەکانی کورد کە لە کوردستانی عێراقەوە خاوەن شەهادە[بڕوانامە،بەڵگەنامە] و ئەستێرە لەسەرشان بوون نەکرانە وەزیری بەرگری کۆمار . ئیحسان نووری پاشا لە شۆڕشی کوردستانی تورکیا سەرۆکی چەکداران و ڕاپەڕین بوو ، کەچی بە یەخسیری لە تاران مرد . لە شۆڕشی مەلامستافا لە ساڵی 1961 ـ 1975 هیچ کارەکی سیاسی و سەربازی پێنەدرا . ئێستاکەش ئەگەر کەسێکی خاوەن بڕانامە [شەهادە]ی خەڵکی مەهاباد یا دیاربەکر یا قامشلۆ بکرێتە {{بەڕێوەبەڕی شارەوانی}} هەولێر یا سلێمانی یا کەرکوک یا دهۆک ، زیرەی خەڵکی هەڵدەستێ و دەڵێن بۆ شار پیاوی تێدا نی یە .ئەو هەستە هێشتان لەناو کورد پەیدا نەبووە و نی یە . دۆڕاوترین میللەت لە سیاسەتدا کوردە کە ئەو هەستەی بۆ دەوڵەت نی یە . یەشارکەمال بەقەدەر مەلامستافا و قازی محەمەد بەناوبانگە و لەدەرەوە دەناسرێت بەڵام ئەوەندەی خزمەتی ووشە و پەیڤی تورکی کردووە بەقەدەر مسقاڵێک خزمەتی میللەتەکەی نەکردووە ئەوە چەند ساڵێکە کە مەرگی هاتۆتە سەر لێواری قەبر وا باسی کوردبوونی خۆی ڕادەگەیێنێت . محەمەدی قازی و ئیبراهیمی یونسی دوو وەرگێری گەلێک رەند و بەناوبانگی فارسین ، ئەوەندەی خزمەتی زمانی فارسیان کرد بایی دوو قڕانی ئێرانی خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردیان نەکرد . نووسەری جیهانیان بە فارسەکان

ناساند و فارساندیان بەڵام بۆکوردەبەستەزمانەکە  هیچ قازانجیان نەبوو . هونەرمەندی گۆرانی بێژ ئیبراهیم تاتیلساز لە حکومەتی تورکیا دەوڵەمەند ترە و لە سەرۆکوەزیران خەڵکی زیاتر بۆی هەڵدەپەڕی ، ئەگەر لە هەر گۆڕەپانێکی [کۆنسێرت] گۆرانی گوتندا داوا لەخەڵکی بکات دەنگهەڵببڕن و داوابکەن کورد قڕ نەکرێت بە قسەی دەکەن بەڵام چونکە هەستی کوردبوون و کوردستان بوونی خستۆتە دوای گیرفان و ناوبانگی خۆی قەت ئەو هەڵەیە ناکات پڕبەدەنگ داوای ئەو ئازادی یە بۆ کوردستان ناکات . ئەحمەد شەوقی بە ئەمیری شاعیرانی عارەب دادەنرێت و پێی گچکەبووە دووهاواریش بۆ کوردستان بکات و دەستەی نووسەران بۆ پشتگیری لە  ئازاری میللەتەکەی هانبدات  . بلند حەیدەری ڕەوتی شیعری عارەبی لە عێراق گۆڕی و یەکێک بوو لەوانەی شیعری لە عێراق تازەکردەوە ، کەچی دوو بەردی نەختە سەر ئەدەبی کوردی و هیچ قازانجی بۆ کوردبوونی نەبوو . عەبدولباسط عەبدولسەمەد بە دەنگە خۆشەکەی ئایەتی قورئانی خستە ناو مێشکی پاکستانی و ئەندەنۆسی و موسڵمانی جیهان بەڵام هیچ بانگێکی بۆ کورد و کوردستان نەدا . عەلی بەدرخان بۆ پێشخستنی بواری سینەما لە میسر دەورێکی چاکی وازی کرد ، کەچی میللەتەکەی خۆی هەتا ئەمڕۆکە بەبێ سینەما هێشتۆتەوە و هیچ کەسی بە میللەتەکەی نەناساند . گەلێک وەزیر و لێپرسراوی گەورە لە ئێران و تورکیا و عێراق و سوریا کاریان کەوتە دەست ، بەڵام هیچیان بانگی سەربەخۆیان نەدا . ناوی گەلێک کەسی تر هەیە بەڵام ئەو چەند نموونەیە بەسە . ئەوانە ئەگەر ئەو هەستەی یەهودی یان هەبووایە دەمێک بوو خەڵکی بۆ کورد و کوردستان لەسەر شەقامەکانی دنیا لە ڕۆڕۆ و هاوار بوو .

**بۆ ئەوەی شارەزای ئایین و ڕەچەلەکی جوولەکە بیت ، دەتوانیت لە ئینتەرنێت بە زمانی جۆراوجۆر دەربارەیان بخوێنیەوە و گەلێک کتابیشیان دەربارەی  نووسراوە .**

**هەندێک زانیاری:**

ئاینی حەزرەتی ئیبرایم[ئەبرەهام] ئاینی {یەهودی و مەسیحی [کریستیان] و ئیسلام}ە .
هەرکەسێک لە دایکێکی یەهودی لەدایک ببێت ئەوا یەهودی یە ، یان هەر مرۆڤێک ئایینی خۆی بگۆڕێ و ببێتە یەهودی دەبێتە یەهودی .
پێغەمبەری یەهودی یەکان[جوولەکە] ناوی [موسا]یە و کتابەکەیان ناوی [تەورات]ە. مەسیحی یەکانیش باوەڕیان پێی هەیە و ناویان ناوە [پەیمانی کۆن/کتابی کۆن] ، مەسیحی یەکان [پەیمانی تازە/کتابی نوێ]یان بۆ زیاد کردووە.
ژمارەی یەهودی یەکان نزیکەی 14ملیونە.
زمانی یەهودی یەکان زمانی عیبری یە .

دەوڵەتی ئیسرائیل لە 14/5/1948 دامەزرا .
ناوی هەندێک لەو یەهودی یانەی کە لە خاکی ئیسرائیل
[فەلەستین] لەدایک نەبوون بەڵام بوونە بە سەرۆکی ئیسرائیل و
سەرۆکوەزیران و وەزیر لە دەوڵەتی ئیسرائیل .
سەرۆکی ئیسرائیل {حاییم هیرتزوج 17/9/1918 ـ
17/4/1997 لە ئێرلەندای باکوور لەدایک بووە . موشیە کتساڤ
[موسی قەساب] 5/12/1945 لە شاری [یەزد] ی خوارووی ئێران
لەدایک بووە}. سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل {ئیسحاق رابین
1/3/1922 ـ 4/11/1995 بەدەستی یەهودی یەکی تێرۆریست
کوژرا و تاقە سەرۆکوەزیرانە لە ئیسرائیل بکوژرێت . لە قودس
لەدایک بووە . گۆلدا مائیر[جولدامابوفیتز] 3/5/1898 ـ
8/12/1978 لە شاری [کییف] ئۆکرانیا لەدایک بووە . مەناحیم
بیگن 16/8/1913 ـ 9/3/1992 لە بیلەروسیا[روسیای سپی]
لەدایک بووە . ئیسحاق شامیر 15/10/1915 لە پۆڵۆنیا لە
دایک بووە .
وەزیری بەرگری{دیفاع} ی ئیسرائیل {ئیسحاق مۆردیخای
22/11/1944 لە کوردستانی عێراق لەدایک بووە ، لە ساڵی
1949 چوونە ئیسرائیل . مۆشێ ئارنێ 27/12/1925 لە
لیتوانیا لەدایک بووە . بنیامین فوئاد بن ئیلعازر 12/2/1936
لە بەغدا لەدایک بووە . شاول موفاز 4/11/1948 لە تاران
لەدایک بووە ساڵی 1957 چوونە ئیسرائیل . عەمیر بنیریتز
[ئەمیر] 9/3/1952 لە مەغریب لەدایک بووە . وەزیری دەرەوە
[خارجی] ئیسرائیل {سیلڤان شالوم 4/10/1958 لە شاری
[گابس]ی تونس لەدایک بووە . شلومو بن ئامی 17/7/1943 لە
شاری [تەتوان]ی مەغریب لەدایک بووە . داڤید لیڤی
21/12/1937 لە مەغریب لەدایک بووە . ئابا ئێبان
2/2/1915 ـ 17/11/2002 لە شاری[کاپ تاون]ی
ئەفریقیای خواروو لەدایک بووە .

ئەوانە لە وڵاتی جیاواز جیاواز لەدایک بوون ، بەڵام هەست
وخۆشەویستیان بۆ ئیسرائیل و نەبوونی جیاوازی لەنێوان یەهودی
یەکان بووە هۆی وەرگرتنی پۆستی ئاوا بەناوبانگ .